# Berhem Sallh وەك خاتەمییە ؟؟

Ebas Shiwan

کۆمێتەی ڕێکخستنی Finland ی PUK ڕۆژی سێشەممە دەمژمێری 00 .18 ڕێکەوتی 18 .6 .02 لە شاری Helsinki سیمینارێکی بێ ناونیشانی (. . . . . . . . . . . . !) بۆ بەڕێز سەرۆکوەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی سلەیمانی ساز کرد.

بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی فرە زۆر – بە نزیکی 400 کەس مەزەندە دەکرا – کە تا ئێستا هێچ سیمینارێك جەماوەری وای بەخۆیەوە نەدیوە ، Berhem Sallh دەستی بە قسانی کرد ، دابەشی سێ تەوەری کرد :

ڕەوشی ناخۆ ، پرۆسەی ئاشتی ، ئایندەی کوردستان و ئێراق. . . بە هێنانەوەی چەند ئامار ، بەراوردی ڕەوشی ڕوو لەسەری کوردستانی کە بەکۆمەڵگایەکی تەقلیدی شوبهاندی ، لەچاو سەردەمی داگیرکەرانی عەرەبە ئێراقییەکان کرد. . . بەنموونە باسی لەهەندێ دیاریدە نوێ



کرد وەك بەرهەم و دەستکەوتی حکومەتی کوردی. . . ڕاشکاوانە دانی بەوەدا نا ئەوەی کراوە لە هەموو بوارەکاندا بەس و لەئاستی پێویستدا نییە. . . هەربۆیە داوای هاوکاری و پشتیوانی لەخەڵك کرد.

لەبارەی نێوانیان لەگەڵ KDP و پرۆسەی ئاشتییەکەیان مژدەی ئەوەیدا کە لەزۆربەی خاڵەکاندا بەیەکگەیشتون و پێچی مێزەرێکی ماوە !!

لەو گۆڕانە چاوڕوانکراوەکانی وڵاتی ئێراق ئەوەی دەربڕی ، ئەگەر کورد بڕیارە هاووڵاتی بێت ، نابێت وەك جاران لەپەراوێزدا بمێنێتەوە و لەنەخشەدانانی ئایندەی وڵاتدا خاوەن بڕیار بێت. . . نابێت خەڵك ئایندە کورد دیاری بکات و دووبارە تووشی قڕکردن بێتەوە. . .

لەدوای کۆتایی هاتنی باسەکەی سەرەهاتە سەر پرسیار و بیروڕاگۆڕینەوە و دایلۆگکردن. . . ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی بەسەرە ناویان نوسی و نوێنەرانی KDP باشوور و ڕۆژهەڵات و پارتی کۆمۆنیستی کرێکاری – باشوور چەند کەسایتی ناسراوی دنیای هونەر و ئەدەب هەریەکە بەدەوری خۆیان پرسیارو ڕەخنە و سەرەنج و تێبینیان لەکەشێکی دۆستانە و ئارامدا دەربڕی. .

Berhem Sallh هەوڵی دا وەڵامی یەکەیەکەی بابەتە ورووژاوەکان بداتەوە ، بەوەیش دیدو بۆچوون و باسەکەی ڕۆشنتر دەوڵەمەند تر کردەوە و لە هەندێك خاڵیش خۆی دەدزییەوە :

1 / کۆمۆنیستێك بەم شێوەی گوزارشتی لە موخالیف بوونی خۆی کرد : KDP و PUK پیر بوون وەختیان بەسەر چووە ، با لاچن و ڕێ بۆ هێزە نوێکانی کۆمەڵگا چۆڵ بکەن. یان بەلایەنی کەمەوە خۆیان بکەن بەیەك. . .

2/ باسی لەفشاری و ڕەوشی خراپی خەڵکی کوردستانی لەسەر دەسەڵات کرد ، خەڵکی بە دروشمی بریقەدار ناخەڵەتێت. . . گەر داخوازییە سەرەتاییەکانی بۆ جێبەجێ نەکری تا ماوەیەك قبووڵی دەکات. .

3/ بردەرێکی هەڵەبجەیی و کۆمۆنیستی کرێکاری چوونکە خۆی ناتوانێ بچێتەوە شارۆچکەکەی ئەوەی دەربڕی کە هۆی ڕاکردنی خەڵك لە کوردستان بۆ فشاری هێزەکانی ئیسلامی سیاسی دەگەڕێتەوە. . . Berhemیش ئەو بۆچوونەی لەسەر ئەو بناغەیە ڕەتکردەوە کە هێشتا ئیسلامییەکان نەبوونەتە ئەو هێزەی خەڵکێکی زۆر لەدەستیان ڕابکات. . . هەروەها گرفتی ئیسلامییەکانی بە کێشەیەکی ئەمنی نەك سیاسی دانا. .

4/ دیاردەی پەناهەندەیی و هەڵوێستی PUK ئەوی ئاشکرا کرد لەبەر خاتری ئەو دیاردەیە ناتوانیین بڵێن وڵاتەکەمان ئاسایشی تیا نییە. . ناکرێ کێشەیەکی گەورەی سیاسی وەك مژاری کورد بکرێ بەقوربانی دیاردەیەکی بچووك. . .

5/ پرسی فیدراڵی و ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی. . . وتی : فیدراڵی زامنی تەواوەتی نییە. . بەرپاکردنی ڕیفراندۆم زۆرباشە ، بەڵام بۆ خۆ هەڵخەڵەتێنین هەڵبژاردنێکی گشتیمان پێناکرێ. .

6/ لەبارەی کوشتنی پێنج ئەندامی کۆمۆنیستی کرێکاری وەك ڕووداوێکی تاڵی باسی کرد. . ئەوەیشی ووت کە پارتێکی چالاك بوون. . .



www.kurdistannet.org

www.kurdistannet.org
01/07/2002 21:58

7/ له پەیڤینەکەیدا هەوڵی ئەدا وا پیشان بدات کە حساب بۆ ڕای گشتی دەکەن ، گەیشتە ئەو ئاستەی بەراوردی ڕەوشی دیکتاتۆری وڵاتانی دراوسێ و کوردستان بکات و بوێرێ بڵێ قابیلە ئێمە ئێرانبین. . .



02.6.18 ئامادەبووانی سیمنارى بەرهەم سالح لە Finland

8/ تیشکی سەوز بۆ مەسەلەی دادگایی کردنی تاوانبارانی جەنگی کە ئێستا هەندێکیان لە ئەورووپا گیرساونەتەوە داگیرساند. . . ئەوەی ڕاگەیاند کە لە کوردستان دەستیان گیراو و بەستراوە ، کوردانی ئەورووپا دەتوانن دەستەکە بکەنەوە و وەرگرنەوە. . نەك فشار بەڵکوو داوای قەرەبووکردنەوەی زیانە ماڵی و گیانییەکانیش بکرێت. . . ئەم پەنا هێنانە بۆ کوردی دەرەوەی وڵات پێدەچێت لەو ترسەوە سەرچاوەی بگرێت : لەو گۆڕانە چاوەڕوانکراوەی کە بەسەر ناوچەکەدا دەهێنرێت ، کورد و دەسەڵاتە سیاسییەکەی بەبادا بچێت. . .

9 / سیمینارەکە کاتەکەی کراوە و درێژ نەبوو بۆیە ژمارەیەکی زۆر لەوانەی سەرەیان نووسی بوو ، بێبەش کران و بووە مایەی نارەزایەتی و گازندە. .

10 / ئەوی تێبینی دەکرا گەر بەهەڵەدا نەچووبێتم بێجگە لە ئیسلامییەکان نوێنەران و لایەنگرانی ورد و درشتی تەوژمە سیاسییەکانی کوردستان و ئێراقی لێبوو. . .

11 / Berhem Sallh بەیاوەری Erselan Baîz و Eîmad Ehmed هاتبوو. وەك دیكۆر لەگەڵیدا دانیشتبوون هەرچەندە یەكدوو جار ناوی هێنان تا ئەوانیش لە دایلۆگدا بەشدار بن بەڵام ، هێچی وایان لەبارەی کێشە سیاسییەکانەوە لێنەبیسترا.

12 / گۆڕانێ بێژی کوردستانی ڕۆژهەڵات Reshîdî Feîzînejadî بۆ دووەم جار لەو ڕۆژەدا گلەیی و گازندەی لە سەرکردایەتی سیاسی کوردی باشوور کرد کە لایان لێنەکردۆتەوە و بۆ کوردستان بانگهێشتیان نەکردووە. . .



ULKOMAAT

Irakin kurdit varjelevat haurasta rauhaansa

02.6.19 ڕۆژنامەی Helsingin Sanomat بەڕۆژی

Erselan Baîz وەڵامی دایەوە کە تۆ میوان نیت و کوردستان وڵاتی خۆتە ، وا بزانە ئێستا لەوێی. .

13 / Berhem Sallh و وەفدە یاوەرەکەی بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك لە Finland مانەوە ، توانیان وەزیری دەرەوەی و چەند پەرلەمانتاریك ببینن. . چاوەڕوان دەکرا یەکێ لە کارەکانیان داواکردنی کردنەوەی ئۆفیسی PUK بێت بەڵام وەك بەرپرسی کۆمیتەکەیان ڕایگەیاند ئەو مەسەلەیە فەرامۆش کراوە. هەروەها چاوپێکەوتنەکەی وەزیر لە کەناڵە فەرمییەکانی ڕادویۆ TV ی دەوڵەتدا ڕانەگەیەنرا ، تەنها لە ڕۆژنامەی Helsingin Sanomatدا وەك چاوپێکەوتن وتارێکیان بۆ ئەو و Teha Berwarî نوێنەری KDP کە ئەویش لە هەمان ڕۆژدا بەسەردان هاتبوو ، تەرخان و بڵاوکردەوە !!■

02. 6. 25



www.kurdistannet.org